KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
13-8-2007 0:24 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بۆ رۆژنامە چاپکراو و ئەلکترۆنییە کوردییەکان ... مستەفا چوارتایی

پاش رێز و سلاو

12 ـ 8 ـ 2007

بەندە بەهۆی سەرقاڵی کارکردن و کەموەختی، لە رۆژی 27 ـ 6 ـ 2007 دا، دەست لە کارکێشانەوەی خۆم پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی چاک و کۆمیتەی ئەڵمانیای چاک کرد. سەرەتا هیچ کام لە دەستەی بەڕێوەبەر و کۆمیتەی ئەڵمانیا و زۆرینەی ئەندامانی بەڕێزی چاک رازی نەبوون دەست لەکارکێشانەوەکەم قەبووڵ بکەن. لە رۆژی 8 ـ 8 ـ 2007 دا لە کۆبوونەوەی گشتی ناوەندی چاک لە ژووری ناوەندی هەڵبەجە ـ چاک ـ جارێکی دیکە ئەم تەوەرە کەوتەوە بەر مشتومڕ و تێکڕای ئامادەبووان داوایان لی کردم کە دەست لەکارکێشانەوەکەم بکێشمەوە یان رایبگرم تا کۆنگرە، بەڵام کاتێ من سوور بووم لەسەر دەست لە کارکێشانەوەکەم و هۆکارەکانم بۆ روون کردنەوە، دەست لەکارکێشانەوەکەم قەبووڵ کرا. لەبەر ئەوەی زیاتر لە چل رۆژە ئەم هەواڵە لەلایەن ناوەندی بەڕێزی ـ چاک ـەوە بڵاونەکراوەتەوە، بە پێویستم زانی کە خۆم ئەم هەواڵە ڕابگەیەنم، هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە دەست لەکارکێشانەوەی من پێوەندی بە هیچ کێشەیەکی ناوخۆیی چاک و هیچ گرفتێکەوە نییە، بەڵک و سەرقاڵی ژیان و کەمی وەخت و کارکردن، هەموو کاتمی بردووە و نەمویستووە وەک ئەندامێکی رەمزی بمێنمەوە بێ ئەوەی بتوانم ئەرکە پیرۆزەکانی چاک بەجێ بگەیەنم. چەندی لەتواناشمدا بێت بۆ هاوکاری کردنی ئەو رێکخراوە ماندوونەناس و بەئەمەکەی نەتەوەی کورد درێغی ناکەم. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لەپێناو بەدیهێنانی تەواوی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دامەزراوە.

مستەفا چوارتایی

ئەندامی کۆمیتەی ئەڵمانیای ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و ژینۆسایکردنی گەلی کورد ـ چاک ـ
و بەرپرسی راگەیاندنی کۆمیتەی ئەڵمانیا

تێبینی: لەگەڵ ئەم هەواڵەدا، کۆپییەکی دەست لەکارکێشانەوەکەی تێدایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info
Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info
ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک ـ کۆمیتەی ئەڵمانیا
Tel:0261 5798947

بۆ ناوه ندی هه ەبجه دژ به ئەنفال کردن و ژینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک

27-06-2007

بابەت: دەست لە کارک شانەوە

دوای سڵاو و رێزی بێپایانم
خوشک و برایانی بەڕێز

سیان لە هەرە ئامانجە گەورەکانی ناوەندی هەڵەبجە، ناساندنی ئەنفال بوو بە ژینۆساید هەروەها داواکردنی قەرەبوو کردنەوەی قوربانیانی ئەنفال و بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارەکانی. خۆشبەختانە بە چاوی خۆمان بینیمان کە تاوانبارانی ئەنفال لە سەروو هەموویانەوە عەلی کیمیاوی و هاوەڵەکانی بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، جگە لەمەش دادگای دەوڵەتی عێراقی بە فەرمی دانی بەو تاوانانەدا نا کە ژینۆساید بووە و داوای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی کرد. ئەمەش خۆی لەکەخۆیدا بەدیهاتنی ئامانجە سەرەکییەکانی چاکە و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ سوود وەرگرتنی زیاتری سیاسی لەم بڕیارە لە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی کوردستاندایە.

بەندە وەک کەسێکی ئەندام و لە خوار هەموو ئەندامە بەڕیزەکانی چاکەوە ئەوەی توانیبێتم لەم ناوەندەدا و بۆ ئەو ئامانجانە کارم کردووە، بەڵام سەرقاڵی ژیان و گیروگرفتی دیکەی نیشتەجێبوون و زۆر گرفتی تایبەتی دیکە وایان لێکردووم کە نەک هەر کەمووکوڕ بووبم بەڵک و نەشتوانم بەردەوام بم. بۆیە زۆر بە داوای لێبوردنەوە بۆ ئەوەی زیاتر شەرمەزار نەبم و ئەندامێکی سست و بێ کار و کەڵک نەبم، داوای دەست لەکارکێشانەوە دەکەم و هیوادارم داواکەم قەبووڵ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەشداری هەر کارێکی پیرۆزی چاک ئەوەی لە توانامدا بێت و دەرفەتم هەبێت ئامادەم، بە پێی توانا و دڵ و هەستم لەگەڵتانە، بۆ بەدیهێنانی تەواوی ئامانجە پیرۆزەکانی کە "چاک"ی لە پێناودا دامەزراوە.

براتان

مستەفا چوارتایی ـ ئەندامی کۆمیتەی ئەڵمانیای چاک